# تورکیا لە کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکانەوە بۆ کۆمەڵکوژی کورد



رەزا شوان

نەرویج : (٢٢ی/ ئاپریل/٢٠١٦)

لە زۆر شوێنی جیهاندا، تاوانی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) و، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، لە دژی گەلانی ئازادیخوازی ماف زەوتکراو و، خاک داگیرکراو ئەنجام دراون، کە تا هەتایە ئەو تاوانانە پەڵەی شەرمەزارین، بە تەوێڵی ئەنجامدەرانیان، بە تەوێڵی رژێمە میراتگرەکانیشیانەوە، لەوانەش : جینۆسایدی ئەرمەنییەکان، جینۆسایدی جوولەکەکان ( هۆلۆکۆست )، جینۆسایدی کورد لە باشووری کوردستان ( ئەنفال و کیمیاباران )، کۆمەڵکوژی لە باکووری کوردستاندا لە ( دێرسیم ، ئامەد، ئاگری داغ ، دۆڵی زیلان، رۆبۆسکی ) کۆمەڵکوژی لە رواندا، لە یوگسلاڤیا لە ( بۆسنە، هێرسک، سربیا )، لە سودان لە ( دارفۆر )، لە فەلەستین ( سەبرا و شاتیلا )، لە کەمبۆدیا، کۆمەڵکوژی برایانی کوردی ( فەیلی ) مان، کۆمەڵکوژی برایانی کوردی ( ئێزیدی ) مان ... هتد . ئەم تاوانانەش لە لایەن رژێم و دەسەڵاتدارانی داگیرکەری رەگەزپەرست و توندڕەوە و دامارگیری ئاینییەوە ئەنجام دران، بە ملیۆنان خەڵکی بێتاوانیان بە ناڕەوا شەهیدکرد .

یەکەمین تاوانی جینۆساید ( تاوانی کۆمەڵکوژی ) لە سەدەی بیستەمینی رابردوودا بوو، لە نێوان ساڵانی ( ١٩١٥ ـ ١٩١٨) دا، لە لایەن خوێنڕێژە تورکە عوسمانییەکانەوە، لە دژی گەلی ئەرمەنی بێتاوان ئەنجام درا .. کە زیاتر لە ( ملیۆن و نیوێک ) ئەرمەنی بە دڕندەترین شێوە، لە لایەن تورکەکانەوە شەهیدکران .. ژمارە ئەرمەنییەکان لە تورکیادا لەو سەردەمەدا، دوو ملیۆن دووسەد هەزار ئەرمەنی بوون، کە خەڵکی رەسەنی تورکیا بوون، کەچی لە ئێستادا تەنها شەست هەزار ئەرمەنی ماونەتەوە .. بەشێکی زۆریان بە هەڕەشە و بە زۆر و زۆرداری ناچاریان کردن کە خۆیان بە تورک بنووسن، ئەگینا هیچ مافێکی ئەوتۆیان لە تورکیادا نابێت .. دڕندەییەکانی تورکیا دەرهەق بە ئەرمەنییەکان زۆر لە دڕندەییەکانی جەنگیزخان و تەیمورلەنگ دڕندەترن .

بەر لە ساڵی ( ١٩١٥)، یەکەمی کومەڵکوژی ئەرمەنییەکان، لە لایەن سوپای دڕندەی دەوڵەتی ڕەگەزپەرست و ئیمپریالیزمی عوسمانی لە نێوان ( ١٨٩٤- ١٨٩٦) لە لایەن سوڵتانی خوێنڕێژ ( عەبدولحەمیدی دووەم ) ەوە ئەنجام درا، کە بە هەزاران ئەرمەنییان کوشت .. تەنها لەبەر ئەوەی کە تورک نین و، ئایینیان مەسیحییە .

کە ( یەکیتی و پیشکەوتن : ئیتیحاد و تەرەقی ) لە تورکیادا بە کودەتایەک دەسەڵاتیان گرتە دەست، لەلایەن خوێنڕێژ ( تەلعەت پاشا ) وەزیری ناوخۆ و، ( ئەنوەر پاشا ) ی وەزیری جەنگ و، خوێنڕێژ ( جەمال پاشا ) ی بێڕەوشتی سەرلەشکرەوە، بڕیاری کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکانیان جێبەجێکرا .. ئەم تاوانە، تاوانێکی ئەنجامدراوی کوتوپڕ نەبوو، بەڵکو بەپێی پلانداڕێژی پێشوەخت جێبەجێکرا . تورکیا بە تاوانی هەڵبەستراو و بێ بنەمای جیابوونەوەخوازی لە تورکیا، ئەرمەنییەکانیان تاوانبارکرد و.. جینۆسایدیان کردن، بەڵام لە راستیدا تا ئەمڕۆش ڕژێمی ڕەگەزپەرستی تورکیا .. داواکردنی ئازادی و یەکسانی و دیموکراتی و ژیـان، لە لایەن گەلانی بێجگە لە تورکەوە، بە تایبەتیش گەلی کوردمان .. بە تاوان و، بە ( ناپاکیی گەورە ) لە دژی تورکیا تاوانبار دەکەن .. سزای کوشت و لەسێدارەدان دەیانگرێتەوە .. ئەوان دونیا بە تورک دەزانن و، لە تورک زیاتر دان بە بوونی هیچ نەتەوەیەکی تردا نانێن .

خوێنڕێژ ( تەلعەت پاشا ) کە وەزیری ناوخۆی ئەو کاتەی تورکیا بوو، لە بڕوسکەی ژمارە (١١٨١) دا کە لە بەرواری ( ١٦ی/ سێپتەمبەری/ ١٨٩٦) دا، بۆ فەرمانڕەوای ویلایەتی ( حەلەب ) ی نارد، فەرمانی پێکرد، کە دەبێت لە ماوی (٢٤) کاتژمێردا، بە تەواوی ئەرمەنییەکان بکوژن و قڕیان بکەن .. دەقی ئەم بڕیارەش لە کتێبێکدا بە ناوی ( بیرەوەرییەکانی نەعیم بەگ ) لە نووسینی ( ئـارام ئەنـدریان ) دا هەیە.

ڕژێمی تورکیا فاشستی لە رۆژی ( ٢٤ی / ئاپریل /١٩١٥) دا، بە ناوی ( الجهاد ) وە، کوشتنی بە کۆمەڵی ئەرمەنییەکانی ڕەوا کرد .. لە ساڵی ( ١٩١٥- تا - ١٩١٨) ، بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە و نامـەردانە و، بێویژدانانە و بێبەزەییانە، بێ دەست پاراستن لە کوشتن و سەربڕین و سووتاندن و زیندەبەچاڵ کردنی منداڵان و ژنان و گەنجان و پیران زیاتر لە ( یەک ملیۆن و نیو) ئەرمەنیان لە تورکیا و سوریادا جینۆساید کرد، ئەم تاوانە بە ( قەسابخانەی ئەرمـەنییەکان ) یا بە تاوانی ( دۆزەخی ئەرمەنییەکان ) یا بە ( تاوانی گەورە ) ناودەبرێت .. کە بە شێوەیەکی سەرتاسەریی و، بە دڕندەترین شێوە، لە لایەن سوپا و جەندرمەی دڕندەی تورکیای فاشست و ڕەگەزپەرستەوە، زۆر بێشەرمانە و بە

بەرچاوی جیهانەوە ئەنجامدرا .. تاوانێکی قێزەوەنی ئەوتۆیە، کە مێژوو بە شەرمەوە دەیان گێڕێتەوە .. لەشکر و جەندرمەی نامەرد و بەدڕەوشتی تورکیا، بە هەزاران کچ و ژنانی بێتاوانی ئەرمەنییان رووتکردنەوە و ئابڕوویان بردن .. لە دوایشدا، یا سەریان دەبڕین، یا لە شێوەی لە خاچدانی پێغەمبەر عیسای مەسیح، بە راژەی دارەوە هەڵیان دەواسین و، بە شمشێر یا بە رم و دار دڕندانە دەیان کوشتن .. ئەم تاوانە قێزەوەنانەی تورکەکان لە لایەن رۆژنامەنووسێکی ئەڵمانییەوە وێنەگیراوە و، لە ئەرشیفی ڤاتیکاندا پارێزراوە .. بە هەزاران منداڵی کۆرپەی ناو لانک و بێشکیان سەربڕین .. بە هەزاران ئەرمەنییان بە زۆر لە زێدی خۆیان بە پێی پەتی و بەسەر رووتی دەربەدەرکردن .. لە هەموو رێگاکانیشدا، بۆسەی سەربازییان بۆ دانابوون، بەشێکی زۆریان لە رێگاکاندا لێکوشتن .. یا لە برسان و لە تونیا و لە سەرماو و لە ترسا مردن .. تەنانەت ئەو سەربازە ئەرمەنیانەی کە لە سوپای تورکیادا سەرباز بوون، هەموویانیان گرتن و، بە زیندووی زیندەبەچاڵیان کردن .. بۆ نموونە، تەنها لە یەک رۆژدا، لە شاری ئامەد ( دیاربەکەر ) دا، ( دوانزە هەزار ) سەربازی ئەرمەنی، کە سەرباز بوون لە سوپای تورکیادا، چاڵەکانیان بە خۆیان پێهەڵکەندن، دوایش هەموویانیان کوشتن و خستیانیانە ناو ئەو چاڵانەوە .. لە مەش قێزەوەنتر تورکیا فاشستی ( قەسابەکانیان ) بەکرێ گرتن، کە رۆژانە یەک لیرەی تورکییان پێدەدان، لە کرێی ئەو ئەرمەنییانەی کە سەریان دەبڕین .. بە هەزاران ژن و پیر و منداڵ و گەنجی ئەرمەنی، بە دەستی قەسابەکانی تورکیای قەسابخانە سەربڕان .. ئەمانەش بوختان و قسەی هەڵبەستراو نین، بەڵکو بە بەڵگە و بە وێنەوە لە لایەن ئەو بیانییانەوە گیراون، کە لەو کاتەدا لە تورکیادا بوون .

بەشێکی کەمی ئەرمەنییەکان، بەبێ منداڵەکانیان زۆر بە زەحمەتی، خۆیان گەیاندە سوریا و عێراق و لوبنان و میسر و یۆنان .. منداڵەکانیان بەجێهێشتن .. تەنانەت زیاتر لە ( ١٠) هەزار منداڵ لە لایەن خێزانەکانی شارەکانی رۆژئاوای کوردستان و شارەکانی سوریاوە، ئەو منداڵە ئەرمەنییانەیان بەخێوکردن .. بێ ئەوەی گوێ بدەنە هەڕەشەکانی تورکیا .. تورکیا هەڕەشەی ئەوەیان لە خەڵکی کرد، ئەگەر هەچ ماڵێک ئاشکرابێت کە داڵدەی ئەرمەنییە هەڵهاتووەکانیان داوە، یا منداڵەکانیان گرتوونەتە خۆیان، ئەوانیش وەکو ئەرمەنییەکان سزادەدرێن و دەکوژرێن .. بەڵام لە گەڵ ئەمەشدا، خەڵکی سۆزدار و ویژدان زیندوو، هەموو مەترسییەکیان خستە لاوە و، گوێیان بە هەڕەشەکانی تورکیا نەدا .. ئەو منداڵە ئەرمەنییانەیان بردنە لای خۆیان و .. هەر وەکو منداڵی خۆیان بن بەخێویان کردن و، بە منداڵ خۆشیان ناونووسیانیان کردن و .. لە مردن رزگاریانیان کردن .. لە ئەمڕۆدا لە شاری ( دێر الـزور ) ی

سوريا دا (٢٥) هـەزا ئەرمەنی هەیە .. کە ئەو منداڵانە و وەچەکانیان کە لە لایەن خەڵکی شاری ( دێرالـزور ) ەوە، بە نهێنی بەخێوکران و، لە دڕندە تورکەکان رزگاریان کردن .

تورکیای رەگەزپەرست، تاوانی بە کۆمەڵکوژییان تەنها لە دژی ئەرمەنییەکان ئەنجام نەداون .. بەڵکو تاوانی کۆمەڵکوژیان، دەرهەق بە گەلانی کورد و یۆنانی و ئاشووری و عەرەبیش ئەنجام داون .. بۆ نموونە کە تورکیای فاشست کە بۆ ماوەیەک یۆنانیان داگیرکرد، بە هەزاران خەڵکی سڤیلی یۆنانیان کوشت و، ئابڕووی بە هەزاران ژنیانیان بردن، بە هەزاران کچان و ژنانی یۆنانی لە ترس ئەوەی، کە نەکەونە دەست سوپای دڕندە و بێڕەوشتی تورکیا، لە سەر شاخە بەرزەکانیانەوە، بە کۆمـەڵ خۆیان هەڵـدایە خوارەوە و خۆیـان کوشت .. یەکێک لەو شاخانەش ( شـاخی شوولی ) ی نزیک شاری ( کۆمۆنیزیا ) یە کە ژمارەیەکی زۆری یۆنانی و گەشتیاری بیانی بۆ یادی ئەو کچ و ژن و منداڵە شەهیدانەو، بۆ بە بیرهێنانەوەی تاوانە دڕندەییەکان و نامەردییەکانی لەشکری بەدڕەوشت و خوێنڕێژی تورکیا، دەچنە سەر ( شاخی شوولی ) و، تـف و نەفرەتیش لە تورکیای فاشستی دەکەن .. کە لە رابردوو و لە ئەمڕۆشدا میـژوویەکی خوێناویان هەیە .. مێژوویەکی سەرتاپای پڕ لە تاوان و کوشتن و خوێنڕشتن و بێڕەوشتی و بەدکاری . تورکیا بەشێکی زۆری کەنیسەکان مەسیحییەکانیشیان کرد بە مزگەوت .. یەکێک لەو مزگەوتانەی کە لە پێشا کەنیسە بوو، مزگەوتی ( سوڵتان ئەحمەد ) ە لە ئەستەمبوڵ .

تورکیا راستە مێژوویەکان و تاوانەکانیان چەواشە کردوون .. لە پرۆگرامی قۆناخەکانی خوێندنی قوتابخانەکانیاندا .. لە کتێبە مێژووییەکانیاندا، ئەرمەنییەکان و کورد و یۆنانی و عەرەبەکان بە تاوانبار کردوون و .. منداڵەکانیان بە درۆ و بە چەواشەکاری گۆش دەکەن .. تا ئەمڕۆش نکووڵی لە هەموو تاوانەکانیان دەکەن .

ئەوەی باسمان کرد، تەنها مشتێکن، لە چەندین خەرواری تاوانەکانی تورکیا، دەرهەق بە گەلانی ئازادیخواز و ئاشتیخوازی وەک، کورد و ئەرمەنی و یۆنانی و ئاشووری . جا نازین ( ئۆروگان پاشا )ی وچەی ئەو خوێنڕێژانە، بە چ کردەوەیەکی باوباپیرانییەوە شانازی دەکات ..؟ بە خوێنڕێژی و بەدڕەوشتییانەوە ..؟ بە جینوسایدی ئەرمەنییەکان ..؟ بە کۆمەڵکوژی کورد و یۆنانییەکان .. ؟ بە ئابڕووبردنی کچـان و ژنـان ...؟ یا بە سەربڕینی هەزاران منداڵی ناو لانک .. ؟! بە مێژووی خوێناوی رەشیان .. ؟ بە ...؟!

تورکیا تا ئەمڕۆ، رەگەزپەرسترین و .. خوێنڕێژترین .. دەوڵەتە لە هەموو جیهاندا .

( ئەحمەد خەیری ) ئەندامی باڵای پارتی ( الاحرار ) ی میسر لە پەیجی خویدا لە تویتەر وتی : " رەجەب تەیب ئۆردوگان سەرۆک وەزیرانی رژێمی تورکیا، لە تورکیادا تاوانی دەرهەق بە کورد ئەنجام دا، بە کەمترین شت باسی تاوانەکانی بکەین، ئەوەیە کە تاوانن دژ بە مرۆڤایەتی .. " وتیشی : " باس لە چ مافێکی مرۆڤ دەکەن ؟! درێژەی بە قسەکانی دا و، وتی : " ئەگەر من لە حکوومەتی میسردا بوومایە، کارم بۆ ئەوە دەکرد کە یاسایەکم دەربکردایە، کە پرۆتستۆی سەربڕینی ئەرمەنییەکان لە لایەن عوسمانییەکان و، تاوانەکانی ئۆردوگانم لە دژی کورد دەکرد " .

ئۆردۆگان هەڵگری هەمان ڤایرۆسە و، بە ئایدۆلـۆژیای رەگەزپەرسیتی و خوێنڕێژی، گۆش و پەروەردە کراوە . پارتە بە ناوە ئیسلامییەکەشی ( پارتی ناداد و ناگەشەکردن) دەیەوێت بە درۆ و بە دروشمی ئیسلامی، خۆڵ لە چاوی گەلان بکا و، رەگەزپەرستییان پەردەپۆش بکەن . بەڵام ئەوە ئەستەمە کە بتوانن بە بێژنگ بەر لە تیشکی خۆر بگرن.

ئوردوگانی تۆرانیی رەگەزپەرستیش، پاشای داعشە عوسمانییە تازەکانی ئەمڕۆ .. دەیەوێ کۆمەڵکوژییەکەی (١٠١) ساڵ بەر لە ئەمڕۆ کە باپیرە دڕندە عوسمانییەکانیان لە دژی گەلی ئەرمەنی ئەنجامیان دان .. ئەمیش هەمان تاوان دەرهەق بە گەلی کوردی ئازادیخواز و ئاشتیخوازمان بکات .. ئەو کۆمەڵـکوژییەی کە لە ئەمڕۆدا لە لایەن سوپا خوێنڕێژەکەی تورکیای ئۆردوگان و، لە لایەن میتە زۆڵ و بێڕەوشتەکانیانەوە، لە شار و لە شارۆچکە و لە گوندەکانی باکووری کوردستان دا، دەرهەق بە منداڵان و ژنان و پیرانی بێتاوانی کوردمان، بە رۆژی رووناک و بە ئاشکرا، بە بەرچاوی وڵاتـانی جیهان و، نەتـەوە یەکگرتووەکان و رێخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ و منداڵان، ئەنجامیان دەدەن .. تاوانی کۆمەڵکوژین و، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتـین و .. دژ بە مافەکـانی مرۆڤ و، منـداڵانن .. بەڵکو دژی هەموو یاسا و رێسایەکی نێودەوڵـەتین .. شەرمەزاریشە بۆ کۆمەڵگای جیهانی و، بۆ پەڕلەمانی ئەوروپا کە لە ئاستی ئەم تاوانە قێزەوەنانەی تورکیادا، خۆیـان کوێـر و کـەڕ و لاڵ کـردوون .. بەرژەوەندییە ئابوورییەکـانیان، لە سەرووی مرۆڤـایەتی و ویـژدان و دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤ و منداڵانەوەن .

رۆژی یەکشەممە ( ٢٤ی/ ئاپریل/ ٢٠١٦) یادی ( ١٠١) کەمین ساڵـرۆژی تراژیدیـای سەربڕینی ( یەک ملیۆن و نیو ) ئەرمەنییە .. یادی ( دۆزەخی ئەرمەنییەکان ) ە، کە لە لایەن تورکیای عوسمانیی رەگەزپەرست، تورکیای ئیسلامی و عیلمانییەوە ئەنجام درا . لە رووی ژمارەی قوربانییانەوە .. لە دوای هۆلۆکۆستی جوولـەکەکانەوە، بە دووەمین کۆمەڵکوژی دادەنرێت .. ئەڵمانیا دانی بە هۆلۆکۆستدا نـاو، داوای لێـبووردنیان لە ئیسرائیل کرد و .. قـەرەبووی مـادی و مەعنەوی جوولەکە قوربانییەکانی ئەم

تـاوانە گەورەیەیان کرد، کە زیاتر لە (٦) ملیۆن جوولەکەیان سوتاند و کوشت .. بەڵام رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی تورکیا .. تا ئەمڕۆش نکووڵی لە کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکـان دەکەن و.. ئامـادەنین کە بە فەرمی دان بەم تاوانەیان بنێن .. یا داوای لێبووردن لە ئەرمینیا بکەن .. تورکیا دان بە هیچ تاوانێکیدا نانێت .. ئامادەش نین کە قەرەبووی مادی ئەرمەنییە قوربانییەکانی کۆمەڵکوژییەکەیان بکەنەوە .. تورکیا دژی بڕیاری پەڕلەمانەکانی ئەو دەوڵەتانەشە، کە بە فەرمی تاوانی ئەرمەنییەکانیان بە کۆمەڵکوژی ناساند .. تا ئێستا زیاتر لە بیست وڵاتی جیهان بە فەرمی دانیان بە پاکتاوی رەگەزی و بە کوشتنی ئەرمەنییەکانیان نا و، بە ( تاوانی کۆمەڵکوژی ) ناساندیان .. لەوانەش :

( فەرەنسا، بەریتـانیا، رووسیا، لوبنـان، هوڵـەندا، یونـان، نەمسا، دانیمارک، سوید، کەنـەدا، میسر، ٤٣ولایەت لە ولایەتەکانی ئەمریکا، پەڕلەمانی ئەوروپاش ) .. هەر بۆ هەمیشە لە بەرچاوبوون و .. لە یادبوونی .. ئەم کۆمەڵکوژییەی ئەرمەنییەکان، لە پایتەختەکانی ( یریڤان - ئەرمینیا ) و،( برۆکسل - بەلچیکا ) و،( کۆبنهاگن - دانیمارک ) پەیکەری یادەوەری، بۆ کومەڵکوژیی ئەرمە ییەکان و.. بۆ ئاماژەکردن بەم تاوانانەی تورکیا کراون، بێ ئەوەی گوێ بە ناڕەزاییەکانی تورکیا بدەن .

ئەگەر بەراوردێک لە نێوان کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان ( قەسابخانەی ئەرمەنییەکان ) لە تورکیا و، کۆمەڵکوژی کورد لە باشوری کوردستاندا ( تـاوانی ئەنفال ) بکەین .. دەبینین زۆر لە یەکەوە نزیکن .. هەردووکیشیان لە مانگی ئاپریل دا ئەنجام دراون .. من بۆ ئەوەش دەچم، کە هەر لەلایەن تورکیاوە، پیلان وپلان و نەخشەی کۆمەڵکوژی کورد ( تاوانی ئەنفال ) داڕێژرابێت و، خرابێتە بەردەستی رژێمی بەعەسی فاشستی عێراقی هاوئایدیۆلۆژیایان .. پەیوەندی و هاوکارییەکی سەربازی و سیخوڕی تەوا لە نێوان تورکیا و بەعسی رەگەزپەرستی گۆڕبەگۆڕدا هەبوو، تاوانی (ئەنفالی شەنگال) یش، کە لە لایەن ئیسلامییە داعشەکانی هاوپەیمانی تورکیاوە ئەنجام درا .. بێگومان هەر لە لایەن تورکیاوە نەخشەی بۆ کێشرا بوو .. چونکە برا ئێزیدییەکانمان کوردن و، ئاینی خۆیان هەیە .. گومانیشم نییە، کە گرتن و وێرانکردنی شاری( کۆبانی پاڵەوان - رۆژئاوای کوردستان ) لە لایەن داعشی جاشی تورکیاوە .. هەر لەلایـەن تورکیای ئەندازیـاری پیلانگێڕی و تـاوان و جینۆسایـدەوە، نەخشەیـان بۆ داڕشتبوو .. تورکیا تا ئەمڕۆش بە ئاشکرا لە دژی خەبات و خواستەکانی گەلی کوردمان، یارمەتی لۆجستی و سیخوڕی و چەک و تەقەمەنی پێشکەش بە داعش دەکات و .. تورکیا پردێکی دڵنیایی داعشە بۆ پەڕینەوە بۆ عێراق و سوریا و لیبیا و میسر .

ئەرمەنییەکان هەرگیز، کۆمەڵکوژی گەلەکەیان لەیادنەکردووە و لە یادی ناکەن و، تا ئەمڕۆش لەژێر دروشمی ( یادکەرەوە و داوابکە ) دا، سوورن و وازن ناهێنن لە مافەکانی خۆیان .. تا تورکیا ناچاردەکەن، کە بە فەرمی دان بەم تاوانە قێزەوەنانەیان بنێن و .. داوای لێبووردن لە گەلی ئەرمینی بکەن و .. قەرەبووی مادییان بکەنەوە .

لە یادی ( ١٠١) ساڵەی جینۆسایدی ئەرمەنییەکاندا، من وەکو کوردێک، بە توندی پرۆتستۆی ئەو تاوانانەی تورکیا دەرهەق بە ئەرمەنییەکان دەکەم .. ئەو تاوانانەشیان کە لە ئەمڕۆدا تورکیای رەگەزپەرست لە باکووری کوردستاندا بە شێوەیەکی دڕندانە، دژی گەلی خۆڕاگری قارەمان و ئازادیخواز و ئاشتیخوازی کوردمان ئەنجامی دەدەن .

زووبێت یا درەنگ، سەرکەوتن بۆ گەلانی تێکۆشەر و خۆڕاگر و کۆڵنەدەر دەبێت .. رسوایی و شەرمەزاریش، بۆ داگیرکەرانی فاشست و رەگەزپەرست دەبێت .